# خۆکوژیی ژنان و چەند هۆکارێکی ئەم دیاردەیە

خۆکوژیی یەکێک لەو دیاردە وگرفتە کۆمەڵایەتییانەیە کە لەم سەر دەمەدا بوەتە ئاستەنگێک و پەیتا پەیتا کارەسات وڕووداوی دڵتەزێن دەخولقێنێت وئاسەواری دزێو وناشیرین لە خۆی بە جێ دەهێڵێت.

سەرەڕای چوونە سەرەوەی ئاستی زانستی کۆمەڵگا وبەر ز بوونەوەی وشیاری چین وتوێژەکان بە کۆمەڵ وتەنانەت تاکەکانی کۆمەڵگایش بەڵام ئەم دیاردە دزێوە لە کۆمەڵگا نە تەنیا بەر دەوامە بەڵکو لەباری ڕێژەوە ڕوولە زیاد بوونیشە، ڕۆژ و حەفتەو مانگ نیە کە لە کۆمەڵگای ئێمەدا هەواڵی دڵتەزێنی خۆکوژیی و خۆ سووتاندنی ژنانی بێ دەرەتان لە سوچ و قوژبنێکی ئەم وڵاتەوە بڵاو نەبێتەوە. ڕاستە خۆکوژیی دیاردەیەکی نوێ نیە یان تایبەت بە کۆمەڵگایەکی تایبەت نیە بەڵکو دەکرێت بە هۆی هەندێک هۆکاری تایبەت لە کۆمەڵگایەک ئەم دیاردە زیاتر ولە شوێنێکی تری دونیادا کەمتر بێت کە ئەمانە هەموی هەڵدەگەڕێتەوە بۆ هۆکارەکانی خۆکوژیی کە چەندە ئەو هۆکارانە لەو کۆمەڵگایەدا بوونیان هەیە.

سەر هەڵدانی زیاتری ئەم دیاردەیە، ئەوەی کە بۆ چی ژنانی کۆمەڵگای ئێمە زۆرتر لە شوێنەکانی تر پەنای بۆ دەبەن وبۆ ڕزگار کردنی خۆیان لەو بارو دۆخەی سەپاو بە سەریاندا، هەڵدەگەڕێتەوە بۆ ئەو ڕاستییەی کە لە کۆمەڵگای ئێمەدا ئەو جۆرە لە کەشو هەوا زیاتر زاڵەو هۆکارەکانی ناهۆمێد کردنی ژنان زۆرترن وئەو فاکتەرانەی کە ڕێگا خۆشکەرن بۆ خۆکوژی زەق و بەر چاو ترن.

هەندێک هۆکار و فاکتەر هەن کە ڕێگا خۆشکەرن بۆ خولقاندنی دیاردەی خۆکوژیی، لەم بابەتەدا هەوڵ دەدرێت تا ئەو جێگای ئیمکانی هەیە لەو بابەت گەلە بە کورتی بدوێم.

وەک خاڵ ئەگەر ئیشارە بە هۆکارەکان بکرێت چەند خاڵێکی سەرەکی هەن کە بۆ ڕەخساندنی خۆکوژیی هەل دەڕەخسێنن کە بریتین لەو خاڵانەی خوارەوە، ئەمە بەو مانا نیە کە هەمو هۆکارەکان تەنیا ئەو چەند خاڵە بێت کە من ئیشارەی دەدەمێ، زۆر کێشەو گرفتی تر هەن کە ئاکامی خۆکوژیی لێ دەکەوێتەوە بەڵکو ئەمانە لە ڕوانگەی منەوە چەند هۆکارێکی سەرەکین.

١. بێ ئیرادە بوونی ژنان لەمەڕ دیاری کردنی چارە نووسی خۆیان.
٢. توندوتیژیی بنە ماڵەکان.
٣. فەرهەنگی کۆنی زاڵ بە سەر کۆمەڵگا.
٤. دەسەڵاتی دژە ژنی زاڵ *ئیسلامی*.
٥. لە خوارەوە بوونی ئاستی تێگەیشتن بۆ بەرنگاری لەگەل گرفتەکان.

ژنان لە کۆمەڵگای ئێمەدا هێشتاکە وەکو ئامراز چاویان لێ دەکرێت، ئەمرۆ گەر چی ڕەوتی گۆڕانەکان بەرەو باشی دەڕۆن بەڵام ئەو ئاڵ و گۆڕانە زۆر بە شێنەیی دەڕۆنە بەرەوە، ژنان وەک پێداویستی پیاوان، وەک کەرەسەیەک چاویان لێ دەکرێت، لەم ڕوانگەیەوە ژنان لە خۆیاندا بوونێکیان نیە، لاشەی زیندویان ئامرازێکە بۆ خۆ شگوزەرانی ورابواردنی پیاوان، کەواتە پیاوی هەڵگری ئەو بیرو ڕا، ژن هەر وەک هەمو کەرەسە خزمەت گوزارییەکان کە لە خزمەتیدایە چاو لێ دەکات و لە ڕوی خواست وئیرادەی خۆیەوە چارە نووسی ژن دیاری دەکات، بە کێ مێرد بکات، خۆشی لە کێ بێت، قینی لە کێ بێت، چۆن وڵامی خواستە دەروونییەکانی خۆی بداتەوە، لەگەل کێ هەڵسووکەوت بکات، کەی لەماڵ بێتە دەر وتاکەی لەماڵ بمێنێتەوە، تاکەی بخوێنێت و لە قوتابخانەبێت، بۆ کوێ سەفەر کات و بۆ کوێ سەفەر نەکات، واتە پیاوی هەڵگری ئەو بیرەیە بۆی دیاری دە کات کێی بوێت وکێی نەوێت، چۆن ژیان بکات وچۆن بمێنێتەوە، کە واتە ژن لە سەر ژیانی خۆی مافی هیچ جۆرە بڕیار دانێکی نیە، تەنیا ئەوەندە دەتوانێت مۆرکی ئەرێ لە سەر بڕیاری پیاوی باڵا دەستی جا ئێستە مێرد، باوک، برا، یان هەر پیاوێکی ترە کە لەژنەوە نزیکەو خاوەن دارێتی دەکات بدات.

ئەم ڕەوتە لە ژیان ئازاری ڕۆحی و ڕەوانی دروست دەکات، ئەو ژنەی کە وەک بنیام چاو لە خۆی دەکات نەک کەرەسە، توشی گرفتی نە سازی دەبێت، لە لایەک دەبێت ملکەچی ئەو بڕیارانە بێت کە لە سەری دەدرێت ولە لایەکی تریش خۆی حەزی لەوەیە کە خۆی بڕیار دەری چارە نووسی خۆی بێت، ئەم ٢ بۆچوونە ململانێ لە دەروونی تاکی ژندا دروست دەکات، لە ئاکامی ئەو ململانێیەدا کردەوەی بارەو یەکێک لەو ٢ حەزە دەروونیە ئەنجام دەدرێت کە ئەگەر بارەو خواستی پیاو بوو ئەوا ژن هەر کۆیلەو کەرەسەو بن دەست دەمێنێتەوە وئەگەر بە پێچەوانەکەیشی بوو تووڕەیی وغەزبی پیاوی خاوەنی خۆی هەڵ دەسێنێت، لەو لاکەیش پیاوی خاوەن، ترسێکی لە دەروون دایە کە ڕۆژێک ئەو خاوەن دارێتییە لە دەست بدات، بۆیە هەر دەم لە ژێر ناوی پاراستنی نامووس و کەرامەت وئابڕو و شەرەف هەوڵەکانی خۆی زیاتر دەکات وگوشاری زیاتر لە سەر ژن ڕادەگرێت، لێرەیشدا جۆرێک کێشەی نێوان ژنێک کە دەخوازێت وەک ئینسان بژی وپیاوێک کە دەی هەوێت ژن وەک نامووس وئابڕ وکەرەسەی خۆی ڕابگرێت زەق تر دەبێتەوە کە کردەوە گەلێک لە نێوان ئەو دو جۆرە بۆچوونەدا دروست دەبێت.

زۆر جاران ژن واتە لایەنی کەم دەست و تەنیا، لە کۆمەڵگای ئێمەدا خۆی لە چوار چێوەیەکی سەخت ودژواردا دەبینێتەوە، بۆ دەر باز بوون لەو هەلو مەرجە دەست دەکات بە هەوڵ وتەقالا، جاری وایش هەیە لە بەر ئەوەی چاری دەسەڵاتی پیاوی زاڵ بەر سەر خۆیدا ناکات گوشارەکانیش لە سەری هێندە زیاد دەبنەوە بۆیە ڕێگای خۆکوژیی هەڵدەبژێرێت.

ژنی قوربانی جاری واهەیە لەبەر ئەوەی کەسێکی خۆش ویستوە، یان کەسێکی خۆش نە ویستوە یان بە جۆرێک ویستویە ژیانی خۆی دیاری بکات ولە کۆمەڵگادا بتوانێت وەک ئینسانێک هەڵسووکەوت بکات وبەمافەکانی خۆی بگات دە کەوێتە ژێر گوشارێکەوە کە توشی ناهومێدی دەبێت و٢ڕێگا زیاتر لە سەر ڕێگای خۆیدا نابینێتەوە، یان دەبێت تەسلیمی خواستی پیاو بێت، یان دەبێت لە سەر خواستی خۆی بڕوات، ئەو کاتەیە کە لە سەر خواستی خۆی دەڕوات، بەڵام وادەزانێت بە خواستەکەی ناگات لەناچاریدا کۆتایی هێنان بە ژیان هەڵ دەبژێرێت تا ئەوەی تەسلیمی خواستێکی نارەوا بێت.

## توندوتیژیی بنەماڵە

بەشێکی گەورەی دیاردەی خۆکوژیی ژنان هۆکارەکەی هەڵدەگەڕێتەوە بۆ نالەبار بوونی بارو دۆخی ژیانی ژنان لە ناو ماڵ و ئەو توندوتیژییانەی کە وا لە ناو ماڵدا دژ بە ژنان ئەنجام دەدرێت. توندوتیژیی دژ بە ژنان یەکێک لەو هۆکار وفاکتەرە سەرەکییانەیە کە هاندەر وپاڵ پێوەنەری ژنانە کە دەست بدەنە خۆکوژیی.

مەبەست لە توندوتیژیی دژ بە ژنان تەنیا ئەوە نیە کە لە باری فیزیکییەوە لەشی ژن بەر شەق و لێدان و ئازاری جەستەیی بکەوێت، بەڵکو توندوتیژیی لایەنی جۆراو جۆری هەیە کە لە ناو ماڵدا ڕۆژانە ژنانی پێ ئازار دەدرێت، لێدان، سەر کۆنە کردن، مراندن وکوشتنی ئاواتەکانیان بە زۆرە ملی، سووکایەتی پێکردن بە شێوازی جۆراو جۆر، بەستنەوەو هێشتنەوەیان لە ناو ماڵ، جیاوازی خستنە نێوان ژن وپیاو* خوشک و برا و تەنانەت منداڵی کچ وکور، بەر تەسک کردنەوەی ئازادی و ژیانیان، تەشەر وتواجی جۆراو جۆر هەمو دەچنە خانەی توندوتیژیی کە لە ناو ماڵدا دژ بە ژنان وکچان ئەنجام دەدرێت، ئەم توندو تیژییانە نە تەنیا برێک جار کاریگەری وئازاری جەستەیی بۆ ژنان بە دواوەیە بەڵکو زۆر جار هەستیان بریندار دەکات ودەبێت هۆی بریندار کردنی دەروونی ژن وکچ کە سارێژ بوونەوەی برینەکانی بە ئاسایی نابێتەوە و ئاسەواری خراپ لە سەر دەرونی ژن بە جێ دەهێڵێت.

ئەم ئازار وئەشکەنجە دەرونی وجەستەییانە لە کاتی بەر دەوام بونیان دا دەبێتە هۆی ئەوەی کە ژنێکی بە لاشە ئازار دیتو هەر وەها لە دەروونیشەوە بریندار درووست بکات وژنی ژاندار وردە وردە بۆ درێژە دان بە ژیان و داهاتوی لە ژیاندا توشی ناهومێدی و بێ ئاسۆیی دەبێت بڕوات.

زۆر جاران دەی بیستین ولە ڕاگەیاندنەکانیشدا دەیان خوێنینەوە کە لە گۆشەو قوژبنی ئەم کۆمەڵگایەدا ڕۆژانە ژنان لەبەر لێدان، قسەو قسە لۆکی ناشیرین وتەشەر و توانجی ناحەز وسووکایەتی پێکردنیان لە لایەن باوک، برا، مێرد، کچێک یان ژنێک دەستی داوەتە خۆکوژیی، چوونە سەرەوەی ئاماری خۆکوژیی و خۆ سووتاندنی ژنان لەو بوارانەدا ئەو ڕاستییە دەسەلمێنن کە توندوتیژییەکان چەندە هاندەرن بۆ خۆکوژیی ژنان و توندوتیژیی لە لایەن بنە ماڵەکانەوە و ئاڵۆزی کۆمەڵگا و هەندێک فاکتەری تر کارێک دەکەن کە ژنی ئازار دیتو نەتوانێت بەرەنگاری ئەو هەموە شکاندنە بێت و بە ناچار بۆ دەر باز بوون لەو دۆخەی کە بە سەریاندا سەپاوە دەست بدەنە خۆکوژیی یان خۆ سووتاندن.

توندوتیژیی بە هەمو جۆرەکانییەوە وەها کاریگەری لە سەر ئەو ژنانە دا دەنێت ودەیانخاتە هەل ومەرجێکی تایبەتەوە کە دونیایان لێ دێتەوە یەک وڕۆژی ڕوون لایان ڕەش دەبێت وڕێگا چارەیەک بۆ دەر باز بوونی خۆیان، یان پەناگایەک بۆ پەنابردن شک نابەن و بە ناچار، بە بێ ئەوەی گوێ بدەنە ئازار و ئێشی شێوازی خۆکوژییەکەیشیان، ئامادەن تەنیا بۆ ئەوەی ئازاری زیاتر نەبینن و سووکایەتی زیاتریان پێ نەکرێت وچیتر ئەو دۆخەیان بۆ تەحەمول ناکرێت بۆ هەمیشە کۆتایی بە ژیانی خۆیان دێنن و بە کۆڵێک حەز وئاوات وئارەزووەوە، بەڵام بە لەش وڕۆحێکی ماندوی ئازار بینیو ژیان بە جێ دێڵن. خۆیان دەکوژن تەنیا بۆ ئەوەی لەو دۆخەی کە لە لایەن بنە ماڵەکانیانەوە بە سەریاندا سەپاوە و کۆمەڵگاو دەسەڵاتیش پشتگری لەو دۆخە دەکات ڕزگار بکەن.

بەڵی توندوتیژییەکان نەتەنیا ئازاری جەستەیی دەگەیەنێت بە مرۆڤ بەڵکو دەروونی مرۆڤی ئازار دیتویش تێکدا دات و دەبێتە هۆی ساز بوونی کۆمەڵێک گیر وگرفتی فەوتێنەر ومەترسی دار کە کاریگەری زۆر نالەبار ونیگاتیڤیان لە سەر کۆمەڵگا دەبێت



ئیبراهیم کۆنە پۆشی

*ئەم بابەتە درێژەی دەبێت



# ڕەوشی ژنان لە کۆمەڵگەی کوردەواریدا

## بەشی دووەم

دوای ئەوەی ئیمپراتۆریەتی عوسمانلی هەڵوەشایەوە، ئەو بەشەی کوردستان کە لەژێر دەستی عوسمانلیەکاندا بوو، بەسەر سێ وڵاتی نوێ دابەش کرایەوە، هەروەها لەسەروبەندی کۆتایی یەکەمین جەنگی جیهان، دەستەڵاتی قاجاری لە ئێران کۆتایی پێهات و ڕەزا شا دەستەڵاتی خۆی سەپاند، ئیدی کوردستان لەنێو چوار وڵات و کوردستانیان لەنێوان چوار فەرمانڕەوای جیاوازەوە دابەشکران، بەوهۆیەشەوە گۆڕانکاری بەسەر ڕەوشی ژنانی کوردستان داهات، بەتایبەتیش لە باشووری کوردستاندا، چونکە ئینگلیزەکان ڕاستەوخۆ جڵەوی وڵاتیان بەدەستەوە بوو، ئیدی هەوڵیان دەدا کە ژنانیش هاوشانی پیاوان بەرەو فێرگەکان بڕۆن، بەوهۆیەشەوە لە شاری سلێمانی و کەرکوک و هەولێر کچان تاک و تەرا بەرەو فێرگە نێردران، ئیدی جگە لە زانستی ئایینی لە زانستەکانی دیکەش سوودمەند بوون.

ئەگەرچی پێشتر لە ئیمارەتە کوردیەکاندا ژنان ڕۆڵی پێشەنگایەتیان بینیوە، بەڵام بەو ئەندازەیە نەبووە کە بەدەستەڵاتدارو بەڕێوەبەر بناسێندرێن، ئەگەر خانزادی میری سۆران و مەستوورەی ئەردەڵان و قەدەم خێری لێدەرکەین، دەتوانین بڵێین کە ژنان بۆ خزمەتکردنی خێزان دەچەوسێندرانەوەو ڕێگەی پێشکەوتنیان لێدەگیرا، بەڵام بەهۆی هاتنی ئینگلیز بۆ باشووری کوردستان و هاتنی فەرەنسیەکان بۆ ڕۆژئاوای کوردستان ئیدی ڕەوشی ژنان ڕووی لە باشبوون کرد، تەنانەت کاتێک کەمال ئەتاتورک تورکیای دامەزراندو باکوری کوردستانیشی لە قەڵەمڕەوی خۆیدا هێشتەوە، بۆ ئەوەی پاشماوەی ئیمپراتۆریەتی عوسمانلی دەرباز بکات، بانگەشەی پێشکەوتنی کردو دەستەڵاتی ئایینی کۆتایی پێهێنا، ئەمەش خۆی لە خۆیدا دەرگەی پێشکەوتنی لەبەردەم ژنانی تورکیا و باکووری کوردستاندا کردەوە، دەستەڵاتدارانی ئەوکاتی تورکیا بۆ ئەوەی خۆیان بە عەلمانی پێشان بدەن و لە دنیای هاوچەرخدا جێگەی خۆیان بکەنەوە، ناچار بوون کە باس لە مافی ژنانیش بکەن، بەوهۆیەوە ژنان خرانە بەر خوێندن و تێکەڵاوی پیاوان کران. هەروەها لە ئێرانی دوای قاجاریدا هەرچەندە هێشتا پیاوانی ئایینی باڵادەست بوون، بەڵام دیسانیشەوە، ڕەزاشا بۆ ئەوەی جێگەی خۆی لەلایەن ئینگلیزو ئەمریکادا بکاتەوە، هەندێ هەنگاوی هەڵێنایەوەو زەمینەیەکی لەبارتری بۆ ژنان ڕەخساند کە ژنانی ڕۆژهەڵاتی کوردستانیش تا ڕادەیەک تێیدا بەهرەمەندبوون. دەکرێ بڵێین کە گۆڕانکاریەکانی دوای یەکەمین شەڕی جیهانی بە خێر بۆ ژنانی ڕۆژهەڵات بە گشتی و بۆ ژنانی کوردستان بە تایبەتی شکایەوە، وێڕای ئەوەی کە کۆمەڵگەی کوردەواری بە دابونەریتی دێرین و شەریعەت دەورە درابوون، بەڵام دیسانیشەوە تەکانێکی داو بەرەو کرانەوەو ڕۆیشت، ئیدی لەوکاتەوە خۆڕگری ژنان لەگەڵ دابونەرێت و ئایین و پیاواندا دەستی پێکرد، هەر لەوکاتەوە ژنان دەرفەتی ئەوەیان بۆ ڕەخسا کە لە کۆڕو کۆبوونەوەکاندا یەکتر بدوێنن و باس لە گرفت و کێشەکانی خۆیان بکەن، بەتایبەتیش دامەزراندنی کۆماری کوردستان لە ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا ڕوانگەی پیاوانی بۆ کێشەی ژنان گۆڕی، دواتر کە ڕێکخراوی سیاسی لە پارچەکانی کوردستاندا دامەزران و پیاوان پێویستیان بەوە هەبوو کە ژنانیش بەشداری تێدا بکەن، بەختی ژنان بەرەو هەڵکشان ڕۆیشت، هەڵبەت ئازایەتی ژنان خۆیان و پێداگریان لەسەر وەدەستهێنانی مافەکانیان ئەو چرایەی ڕۆشنتر کردۆتەوە. لەلایەکی دیکەشەوە دوای ئەوەی شۆرشی چەکداری لە باشووری کورستاندا دەستی پێکرد، ئیدی ڕەوشەکە وای دەخواست کە ڕێگە بە ژنانیش بدرێ تاوەکو شان بەشانی پیاواندا کۆمەک بە شۆرشی ڕزگاریخوازی کوردستان بکەن. ئەگەر ئاوڕێک لە مێژووی ڕێکخراوە سیاسیەکان بدەینەوە دەبینین کە ژنان ڕۆڵی خۆیان تێدا گێڕاوە، تەنانەت کەسانی وەک ناهیدە شێخ سەلام و مارگرێت و لەیلا قاسم و دەیانی دیکە ڕۆڵی بەرچاویان تێدا گێڕاوە، هەر لەو سەروبەندەشدا ژنان هەوڵیان داوە کە کاروانی نووسین و ڕۆشنبیری گەشە پێبدەن،ئەگەر سەیر بکەین، دەبینین دوای ڕسکان و گەورەبوونی ڕێکخراوە سیاسیەکان ڕەوتی ڕۆشنبیری بەتایبەتیش لەبواری نووسیندا لەنێو ژناندا گەشەو پێشکەوتنی بەخۆیەوە بینیەوە. ئیدی بەرخۆدان و ڕکابەری لەگەڵ دابونەرێتی کۆنەپارێزی شێوازێکی دیکەی بەخۆیەوە بینیوە، بەتایبەتیش کاتێک لە باشووری کوردستاندا خوێندنی زۆرەکی دەستی پێکرد، ئیدی پیاوەکانی هۆز و پاشکەوتووەکانیش ناچارمان تا کچەکانی خۆیان ڕەوانەی فێرگە بکەن، تەنانەت دوایی وایلێهات کە ڕێژەی کچان لە نێوان فێرخوازانی زانکۆکاندا هیچی لە هی کوڕان کەمتر نەبوو. دوای نسکۆی ساڵی ١٩٧٥ قۆناغێکی دیکە لە ژیانی ژنانی کوردستان دەستی پێکرد، بەتایبەتیش ئەو ژنانەی کە لەگەڵ هاوسەرو باوک و براکانیاندا گەیشتنە هەندەران و دەرفەتی ئەوەیان بۆ ڕەخسا کە ئازادانە بڕیار لە چارەنووسی خۆیان بدەن. بێگومان هەڵگیرسانی شەڕی نێوان عێراق – ئێران تەکانێکی دیکەی بە خەباتی ژنان دا، بەتایبەتیش کاتێک هێزە سیاسیەکانی کوردستان بڵێسەی خەباتیان گەشتر کردەوە، ژمارەیەکی بەرچاو لە کچ و ژنانی کوردستان ناچار بوون هاوشانی پیاوان ڕوو لە شاخ بکەن و چەک هەڵبگرن، بەتایبەتیش لەنێو کۆمەڵەی زەحمەتکێشان و حزبی دیموکرات و حزبی شیوعی عێراق و لایەنەکانی دیکەدا. دواتریش کە پارتی کرێکارانی کوردستان دەستی بە خەباتی چەکداری کرد، ئیدی بازنەی خەباتی ژنان بەرفراوانتر بۆوەو نەخشی ژن وەکو مانگ درەوشایەوە.

پەروین فەیزوڵڵا

PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com